گـۆڤـاری زانـكـۆی راپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(6).Paper9
ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٣/٠٥/٢٤
ڕێكەوتی پەسەندكردن: ٢٠٢٣/٠٥/٣١
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: ٢٠٢٤/١٢/٢٩

# كارایی بەرنامەیەكی ئەلكترۆنی پێشنیازكراو بە پێی فێربونی خود لەسەر وەرسبونی ئەكادیمی لای خوێندكارانی قۆناغی سێیەم لە فاكەڵتی پەروەردە لە زانكۆی كۆیە

**سێبەر ڕزگار ڕزاق[1] - كاوە عەلی محەمەد[2]**
Kawa.ali@koyauniversity.org sebar.rzgar@koyauniversity.org
[1+2] بەشی پەروەردە و دەرونزانی، فاكەڵتی پەروەردە، زانكۆی كۆیە، كۆیە، هەرێمی كوردستان

## پوختە

ئامانجی توێژینەوە كە بریتییە لە زانینی كارایی بەرنامەیەكی فێركاری ئەلكترۆنی پێشنیازكراو بەپێی فێربونی خودی لەسەر وەرسبونی ئەكادیمی كۆمەڵەی ئەزمونی لای خوێندكارانی قۆناغی سێیەم لەوانەی ڕێگاكانی وانەوتنەوە لەفاكەڵتی پەروەردە لەزانكۆی كۆیە. ڕێبازی ئەزمونی بۆ دو كۆمەڵەی هاوتای سەربەخۆی بەكارهێندراوە، (44) خوێندكاری كوڕ و كچ بەشێوەیەكی مەبەستدار دەستنیشانكران، (22) خوێندكار لە بەشی مێژو كە وەك كۆمەڵەی ڕێككاری، (22) خوێندكار لەبەشی پەروەردە و دەرونزانی كە وەك كۆمەڵەی ئەزمونی دەستنیشانكران، هەردو گروپەكە هاوتاكران. ئامرازی توێژینەوەكەی بنیادنرا كە بریتیبو لە(50) برگە. ڕاستگۆیی و جێگیری بۆ ئەنجامدرا. ئەنجامی توێژینەوەكە بریتیبو لە (بونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان تاقیكردنەوەی پاشینەی وەرسبونی ئەكادیمی لەبەرژەوندی كۆمەڵەی ئەزمونی، بونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەتاقیكردنەوەی وەرسبونی ئەكادیمی پێشینەو پاشینەی گروپی ئەزمونی لەبەرژەوەندی تاقیكردنەوەی پاشینە، بونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەتاقیكردنەوەی وەرسبونی ئەكادیمی پێشینەو پاشینەی خوێندكارە كوڕەكانی گروپی ئەزمونی لەبەرژەوەندی تاقیكردنەوەی پاشینە، نەبونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان تاقیكردنەوەی پێشینەو پاشینەی خوێندكارە كچەكانی گروپی ئەزمونی لەوەرسبونی ئەكادیمی، نەبونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان تاقیكردنەوەی پاشینەی كچانی هەردو كۆمەڵەی ئەزمونی و كۆنترۆڵكراو لەوەرسبونی ئەكادیمی، بونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەتاقیكردنەوەی پاشینەی كوڕانی هەردو كۆمەڵەی ئەزمونی و كۆنترۆڵكراو لەوەرسبونی ئەكادیمی، توێژینەوە بەچەند ڕاسپاردەو پێشنیازێك بەكۆتاهات.

**كلیلە وشەكان: پرۆگرامی ئەلكترۆنی، فێربونی خود، وەرسبونی ئەكادیمی**

## کێشەی توێژینەوەکە

وەک دەزانین ئەم سەردەمە گۆڕانکاری زۆر ڕویداوە لەهەمو کایەکانی ژیان کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەپەرەسەندندایە، بۆیە پێویستە ئێمەش خۆمان بگونجێنین لەگەڵ گۆڕانکارییەکان بەتایبەت ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەبواری پەروەردەو فێرکردندا ڕودەدەن.

بەڵام ئەوەی چەند ساڵێکە وەکو مامۆستا تێبینیمان کردوە لەبواری پەروەردە بەگشتی لە هەمو قۆناغەکانی خوێندن لەبارودۆخێکی خراپدایە بەهۆی ڤایرۆسی کۆڕۆناو قەیرانە داراییەکان، تاڕادەیەکی زۆر لەم دو ساڵەی کۆتاییدا بەهۆی کەمبونەوەی دەوام بەهۆی ڤایرۆسی کۆڕۆنا کە پەتایەکی جیهانییە، ئەمەش وایکرد کە زانکۆکان زیاتر لەم ماوەیەدا پشت بەسیستمی ئەلکترۆنی ببەستن، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە زۆربەی مامۆستایان و خوێندکاران شارەزاییان نییە لەسەرچۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم سیستەمە، هیچ بەرنامەیەکی ئەلکترۆنی ئامادەکراو نییە بۆ ئەوەی بدرێت بەخوێندکار سودی لێوەربگرێت ولەم ڕێگایەوە خۆی فێربکات، لەلایەکی دیکەشەوە ڕۆژانە گوێبیستی ئەوە دەبین بەجۆرێک ئاستی خوێندکاران دابەزیوە بۆتە باسێکی زۆری مامۆستایان، بۆیە توێژەر بەباشی زانی ئاستی دەستکەوتی خوێندکاران وەربگرێت و بزانێت لەچ ئاستێکدایە، ئەمەش ڕەنگە لەوانەیە هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خوێندکار نەتوانێت وەکو پێویست ئەو بابەتانە کۆنترۆڵ بکات لە ماوەو کاتێکی کەمدا، هەمو ئەمانەش هۆکارێکی ترن کە خوێندکار هەست بەوەڕسبون و بێزاری بکەن.

سەرەڕای بونی چەندین کێشەی دیکە وەک مامۆستایەک کە ئەزمونی (9) ساڵم هەیە هەستم کردوە لەماوەی پرۆسەی وانەوتنەوەمدا بونی نارێکی لەپرۆگرامی خوێندن لە بابەتی (ڕێگاکانی وانەوتنەوە) کە لە هەر بەشێک لەبەشەکانی فاکەڵتی پەروەردە بەجۆرێکە، هەروەها وتنەوەی ئەم بابەتە لەلایەن هەندێ مامۆستاوە کە پسپۆڕنین لەبوارەدا، ئەمە وایکردوە خوێندکار نەتوانێت سودێکی ئەوتۆ لەم بابەتە وەربگرێت کە بەبنەما و بناغەی مامۆستایەکی سەرکەوتو دادەنرێت، سەرەڕای بونی شارەزایی مامۆستا لەبەکارهێنانی ڕێگاکان بەپێی پێویستی بابەتەکان و ناوەڕۆک کە ناتوانن هەڵبژاردنی ڕێگای گونجاو بۆ بابەتی گونجاو بکەن لەداهاتودا.

دەتوانین کێشەی توێژینەوەکە بە نەبونی وەڵامی زانستی بۆئەم پرسیارەی خوارەوە دیاری بکەین:

- ئایا بەکارهێنانی بەرنامەیەکی فێرکاری ئەلکترۆنی بەپشت بەستن بەفێربونی خودی ئامادەکرابێت کاریگەری دەبێت لەسەر کەمکردنەوەی وەڕسبونی ئەکادیمی لە بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە؟

## گرنگی توێژینەوەکە

### گرنگی تیۆری

فێرکردن لە زانکۆکان هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بەرەو پێشەوەچونی کۆمەڵگە چونکە بەشداری دەکات لە بەرەوپێشەوە چونی زانست و زانیاری لەڕێگای پرۆسەی وانەوتنەوە، هەروەها بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی

کۆمەڵگەو دەرئەنجامەکانی لەڕێگای پێشـــکەشـــکردنی توێژینەوەو زانیاری نوێ (بدران و جمال،2001،7)، زانکۆ دامەزراوەیەکی پەروەردەو فێرکردنە کە کاری ئامادەکردنی گەنجی کۆمەڵگایە، کە دادەنرێت بە سامانی مرۆڤایەتی و ئومێدی کۆمەڵگە، کە ئەرکێکی گەورەیان لەسـەرشـانە لە ئێسـتاو داهاتو کە بگونجێ لەگەڵ سـەردەمی ئێسـتاو بەرەو پێشـــەوە چونەکانی (صـــباح،2014،53)، کۆمەڵگە گرینگی بەســـودەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری و کۆمپیوتەر دەدات، ئەم گرینگیپێدانە زیاددەکات بەبەکارهێنانی و زیادکردنی ئامێری کۆمپیوتەر لەدامودەزگا پەروەردەییەکان و هانی دایکان و باوکان بدرێت بۆ ئاڕاســـتەکردنی خوێندکارەکانیان بەرەو بەکارهێنانی ئەم ئامێرە لەماڵەکانیان بەمەبەســـتی بەدەســـتهێنانی زانیاری(اســـتيتية و ســـرحان،2007، 309-310)، ئەمەش وایکردوە کە چیتر کەرتی پەروەردە دابڕاو نەبێت لەو بەرەوپێشـــــەوەچونانەی کە ڕودەدەن لەبواری تەکنەلۆژیا، هەرئەمەش بوە هۆی هاتنەکایەی بابەتێک کە ناسراوە بە (فێربونی ئەلکترۆنی) ئەم جۆرە لەفێربونە سەرکەوتنی بەدەستهێناو بەربەستی کات و شوێنی نەهێشت لەپرۆسەی پەروەردەو فێرکردن، کە بوە هۆی دروستکردنی بازاری هەلی وەبەرهێنان کە نەتواندرا بەدەست بهێندرێت لەڕێگای فێربونی ئاساییەوە.

## گرنگی پراکتیکی

1- ئەم توێژینەوە گرینگە چونکە تا ئێســـــتا (بەپێی زانیاری توێژەر) نەتوانراوە پرۆگرامێکی فێرکاری ئەلکترۆنی بەپشـتبەسـتن بەفێربونی خودی هەبێت بۆ ئەوەی خوێندکار سـودی لێوەربگرێت لە فێربونی بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە.

2- ئەم بەرنامەیە کاردەکات بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانی خوێندکاران، وا دەکات خوێندکار چالاک بێت و ڕۆڵی هەبێت لەکاتی وانەکانداو خۆی ببێتە تەوەری سەرەکی کرداری فێربون و فێرکردن.

3- ئەم بەرنامەیە ســـودی دەبێت بۆ تێکەڵکردنی هەردو ڕێگای فێرکاری ناو پۆل واتە ڕوبەڕو فێربونی ئەلکترۆنی وەکو فێربونی ئاویتە کە زانکۆی کۆیە لەئێستادا دەیەوێت هەوڵی بۆ دەدات بیخاتە بەرنامەی کارەوە.

4- ئەم توێژینەوەیە دەبێتە مایەی پڕکردنەوەی کەلێنێک لە کتێبخانەی کوردیدا لە بابەتەکانی فێربونی ئەلکترۆنی و فێربونی خودی.

5- ئەم توێژینەو هاندەردەبێت بۆ توێژەران بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشـــێوە بۆ ئامادەکردنی بەرنامەی فێرکاری لە وانەو قۆناغەکانی دیکە.

## ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

**ئامانجی یەکەم:** زانینی کارایی بەرنامەیەکی فێرکاری ئەلکترۆنی پێشـــنیازکراو بەپێی فێربونی خودی لەســـەر تاقیکردنەوەی پاشـینەی گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو لەسـەر وەرسـبونی ئەکادیمی لای خوێندکارانی قۆناغی سێیەم لەوانەی ڕێگاکانی وانەوتنەوە لەفاکەڵتی پەروەردە لەزانکۆی کۆیە.

**ئامانجی دوەم:** زانینی کارایی بەرنامەیەکی فێرکاری ئەلکترۆنی پێشنیازکراو بەپێی فێربونی خودی لەسەر تاقیکردنەوەی پێشینەو پاشینەی گروپی ئەزمونی لەسەر وەرسبونی ئەکادیمی لای خوێندکارانی قۆناغی سێیەم لەوانەی ڕێگاکانی وانەوتنەوە لەفاکەڵتی پەروەردە لەزانکۆی کۆیە.

**ئامانجی سێیەم:** زانینی کارایی بەرنامەیەکی فێرکاری ئەلیکترۆنی پێشنیازکراو بەپێی فێربونی خودی لەسەر تاقیکردنەوەی پێشینەو پاشینەی خوێندکارە کوڕانی گروپی ئەزمونی لەسەر وەرسبونی ئەکادیمی لەوانەی ڕێگاکانی وانەوتنەوە لە فاکەڵتی پەروەردە لەزانکۆی کۆیە.

**ئامانجی چوارەم:** زانینی کارایی بەرنامەیەکی فێرکاری ئەلکترۆنی پێشنیازکراو بەپێی فێربونی خودی لەسەر تاقیکردنەوەی پێشینیەو پاشینەی خوێندکارە کچانی گروپی ئەزمونی لەسەر وەرسبونی ئەکادیمی لەوانەی ڕێگاکانی وانەوتنەوە لەفاکەڵتی پەروەردە لەزانکۆی کۆیە.

**ئامانجی پێنجەم:** زانینی کارایی بەرنامەیەکی فێرکاری ئەلکترۆنی پێشنیازکراو بەپێی فێربونی خودی لەسەر تاقیکردنەوەی پاشینەی کچانی گروپی ئەزمونی و کچانی گروپی کۆنترۆڵکراو لەسەر وەرسبونی ئەکادیمی لەوانەی ڕێگاکانی وانەوتنەوە لەفاکەڵتی پەروەردە لەزانکۆی کۆیە.

**ئامانجی شەشەم:** زانینی کارایی بەرنامەیەکی فێرکاری ئەلکترۆنی پێشنیازکراو بەپێی فێربونی خودی لەسەر تاقیکردنەوەی پاشینەی کوڕانی گروپی ئەزمونی و کوڕانی گروپی کۆنترۆڵکراو لەسەر وەرسبونی ئەکادیمی لەوانەی ڕێگاکانی وانەوتنەوە لەفاکەڵتی پەروەردە لەزانکۆی کۆیە.

## گریمانەکانی توێژینەوەکە

**گریمانی یەکەم:** هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی(0.05)بەدی ناکرێت لە نێوان ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشینەی خوێندکارانی گروپی ئەزمونی کە بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە بەپێی کارایی بەرنامەیەکی فێرکاری ئەلیکترۆنی پێشنیازکراو بەپێی فێربونی خودی و ناوەندی نمرەکانی خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە بە ڕێگای ئاسایی دەخوێنن لەسەر وەرسبونی ئەکادیمی.

**گریمانی دوەم:** هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی (0.05) بەدیناکرێت لەنێوان ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشینەو پاشینەی خوێندکارانی گروپی ئەزمونی کە بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە بەپێی کارایی بەرنامەیەکی فێرکاری ئەلکترۆنی پێشنیازکراو بەپێی فێربونی خودی دەخوێنن لەسەر وەرسبونی ئەکادیمی.

**گریمانی سێیەم:** هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (0.05) بەدیناکرێت لەنێوان ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشینەو پاشینەی خوێندکارە کوڕەکانی گروپی ئەزمونی کە بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە بەپێی کارایی بەرنامەیەکی فێرکاری ئەلکترونی پێشنیازکراو بە پێی فێربونی خودی دەخوێن لەسەر وەرسبونی ئەکادیمی.

**گریمانی چوارەم:** هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لەئاســـتی (0.05) بەدی ناکرێت لەنێوان ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشـــینەو پاشـــینەی خوێندکارە کچەکانی گروپی ئەزمونی کە بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە بەپێی بەرنامەیەکی فێرکاری ئەلکترۆنی پێشنیازکراو بەپێی فێربونی خودی دەخوێنن لەسەر وەرسبونی ئەکادیمی.

**گریمانی پێنجەم:** هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاســـتی(0.05) بەدی ناکرێت لە نێوان ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشـــینەی کچانی گروپی ئەزمونی کە بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە بەپێی کارایی بەرنامەیەکی فێرکاری ئەلکترۆنی پێشنیازکراو بەپێی فێربونی خودی دەخوێنن بە بەراورد بە ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشـــینەی کچانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە بەڕێگای ئاســـایی دەخوێنن لەســـەر وەڕسبونی ئەکادیمی.

**گریمانی شـــەشـــەم:** هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لەئاســـتی(0.05) بەدیناکرێت لەنێوان ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشـــینەی کوڕانی گروپی ئەزمونی کە بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە بەپێی کارایی بەرنامەیەکی فێرکاری ئەلکترۆنی پێشـــنیازکراو بەپێی فێربونی خودی دەخوێنن بەبەراورد بە ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشـــینەی کوڕانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە بە ڕێگای ئاســـایی دەخوێنن لەســـەر وەرسبونی ئەکادیمی.

## پێناسەی زاراوەکان

### فێربونی ئەلکترۆنی (E-Learning)

**– (هاشم،2017) بەم شێوەیە پێناسەی کردوە**

شـــێوازێکی نوێیە لەشـــێوازەکانی فێرکردن، کە هۆکارو ئامرازی گەیاندنی نوێی تێدا زیادکراوە، ئەمە لەدورەوە بێت یاخود لەکۆرسێکی خوێندن بێت(هاشم،2017،14).

**پێناسەی ڕێککاری بۆ فێربونی ئەلکترۆنی**

کۆمەڵێک زانیاری و کارامەیی ئاراستەکراوە کە خوێندکار بەدەستی دەهێنێت لەماوەی ئەنجامدانی توێژینەوەکە و بەکارهێنانی کۆمپیوتەرو تۆڕو ناوەندە جۆربەجۆرەکان لەدەنگ و ڕەنگ و وێنەو لەناو پۆلی خوێندن، بەمەبەستی بەدەستهێنانی فێربونێکی باشتر و بەدەست هێنانی ئامەنجەکان کە بوێژەر هەوڵی بەدەست هێنانی دەدات لەبابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە بۆ خوێندکارانی قۆناغی سێیەمی فاکەڵتی پەروەردە.

**فێربونی خود** (Self Learning)**(طە وعمران، 2012) بەم شێوەیە پێناسەیان کردوە**

شـــێوازێکە کە خوێندکار پێی هەڵدەســـتێت بەمەبەســـتی بەدەســـتهێنانی زانیاری و کارامەیی لەڕێگای خۆیەوە بە بەکارهێنانی پەرتوک و ئامرازی زانستی(طە وعمر ان، 2012، 62).

**پێناسەی ڕێککاری فێربونی خود**

جۆرێکە لەفێربون کە خوێندکار خۆی پێی هەڵدەستێ بەپاڵپشتی تواناکانی بەبەکارهێنانی ئەو بەرنامەیەی کە ئامادەکراوە لە لایەن توێژەر بە سود وەرگرتن لە بەکارهێنانی (کۆمپیوتەر) بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجەکانی فێربون، هەروەها دەستنیشانکردنی کات و شوێن و خێرایی کە دەگونجێت لەگەڵ توانا خودیەکانی خوێندکار.

**وەرسبونی ئەکادیمی (Academic boredom)**

**بەم شێوەیە پێناسەی کردوە (Sharp, 2018)–**

بریتییە لەهەستێکی نەرێنی بەئاستێکی زۆر کە دەبێتە هۆی نەهێشتنی سەرکەوتن وە کاریگەری نەرێنی لەسەر بەشداریکردنی خوێندکارو ئاستی ئەنجامدانی کارەکانی دەکات (Sharp, 2018, p3).

**پێناسەی ڕێککاری وەڕسبونی ئەکادیمی**

ئەو نمرەیەیە کە خوێندکار بەدەستی دەهێنێت لەئەنجامی وەڵامدانەوەی بڕگەکانی پێوەری وەڕسبونی ئەکادیمی کە لەم توێژینەوەیە دانراوە بۆ پێوانەکردنی ئەم مەبەستە.

## هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە

### یەکەم: داڕێژراوی ئەزمونی

ئەم توێژینەوەیە پێکهاتوە لە دو کۆمەڵەی هاوتا، کۆمەڵەی یەکەم کۆمەڵەی ئەزمونییە، کە گۆڕاوی سەربەخۆی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت، کە بریتییە لەبەکارهێنانی بەرنامەی ئەلکترۆنی خودفێرکاری، لەکاتێکدا کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو بەڕێگای ئاسایی وانەیان پێدەوترێتەوە، هەردو کۆمەڵەکەش پێوانەکردنی پێشینەو پاشینەی وەرسبونی ئەکادیمیان بۆ ئەنجام دەدرێت لەگەڵ پێوانەکردنی پاشینەی دەستکەوتی خوێندنیان بۆ دەکرێت وەک لەخشتەی (1) ڕونکراوەتەوە.

**خشتەی (1)**

**دیزاینی ئەزمونی توێژینەوەکە**

| کۆمەڵەکان | بەش | ژمارەی خوێندکاران | تاقیکردنەوەی پێشینە | گۆڕاوی سەربەخۆ | تاقیکردنەوەی پاشینە |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەزمونی | پەروەردەو دەرونزانی | 22 | وەرسبونی ئەکادیمی | بەرنامەی ئەلیکترۆنی خود فێرکاری | وەرسبونی ئەکادیمی |
| کۆنترۆڵکراو | مێژو | 22 | وەرسبونی ئەکادیمی | ڕێگای ئاسایی | وەرسبونی ئەکادیمی |

## دووەم: كۆمەڵگای توێژینەوەو نمونەكەی

### أ- كۆمەڵگای توێژینەوەكە

لەبەرئەوەی كۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا هەمو خوێندكارانی قۆناغی سێیەمی فاكەڵتی پەروەردە-بەیانیان لەزانكۆی كۆیە، لەسنوری شاری كۆیە كە ژمارەیان (278) خوێندكاری كوڕوكچە، لەكۆی (7) بەش، كە پێكدێت لە(90) خوێندكاری كوڕ (188) خوێندكاری كچ[i].وەكو لەخشتەی (2)دا ڕونكراوەتەوە.

**خشتەی** (2)

**كۆمەڵگەی توێژینەوەكە**

| ز | بەشەكان | قۆناغی سێیەم | | كۆ |
|---|---|---|---|---|
| | | كوڕ | كچ | |
| 1 | پەروەردەو دەرونزانی | 4 | 18 | 22 |
| 2 | مێژو | 9 | 28 | 37 |
| 3 | ئینگلیزی | 16 | 32 | 48 |
| 4 | جوگرافیا | 15 | 28 | 43 |
| 5 | كوردی | 25 | 37 | 62 |
| 6 | عەرەبی | 11 | 24 | 35 |
| 7 | پەروەردەی ئایینی | 10 | 21 | 31 |
| كۆی گشتی | | 90 | 188 | 278 |

### ب- نمونەی توێژینەوەكە

توێژەر بەشەكانی (پەروەردەو دەرونزانی و بەشی مێژو)ی وەك نمونەی توێژینەوەكە دیاریكردبو بەشێوەیەكی مەبەستدار لەبەر ئەم هۆكارانەی خوارەوە:-

1- كارئاسانی و هاوكاریكردنی هەردو بەشی (مێژو و پەروەردەو دەرونزانی) بەمەبەستی وەرگرتنی نمونەی توێژینەوەكەم لەم بەشانەدا، هەروەها ڕێكخستنی خشتەو كاتی وانەكان.

2- توێژەر لەبەرئەنجامدانی توێژینەوەكەی بەشێوەیەكی گونجاو بۆ هێشتنەوەی بەنهێنی كۆمەڵەی كۆنترۆڵكراوی دور لەكۆمەڵەی ئەزمونی هەڵبژارد، ئەمەش بەمەبەستی كۆنترۆڵی باشی توێژینەوەكەو دوركەوتنەوە لەهەر هەڵەیەك كە ڕوبدات لەكاتی ئەنجامدانی توێژینەوەكە.

3- سروشتی توێژینەوەكە وا دەخوازێت كە هەردو گروپی ئەزمونی و كۆنترۆڵكراو دوربن لەیەكتری.

توێژەر پاش گفتوگۆکردن لەگەڵ خوێندکارانی هەردو بەش و وەرگرتنی زانیاری لێیان ســـەبارەت بەهەندێک پێداویســـتی توێژینەوەکە وەکو هەبونی لاپتۆپ بۆی دەرکەوت کە ژمارەی ئەو خوێندکارانەی کە لاپتۆپیان هەیە لەبەشی پەروەردەو دەرونزانی زیاترە لەخوێندکارانی بەشی مێژو، بۆیە خوێندکارانی بەشی پەروەردەو دەرونزانی وەکو کۆمەڵەی ئەزمونی هەڵبژێردران کە وانەیان پێدەوترێتەوە بەڕێگای بەرنامەی ئەلیکترۆنی خودفێرکاری و خوێندکارانی بەشـــی مێژو کە دو گروپ بون گروپی (B و A) توێژەر بەشـــێوەی هەڕەمەکی گروپی (B) کردە گروپی کۆنترۆڵکراوی توێژینەوەی کە بەڕێگای ئاسایی وانەیان دەخوێند.

ژمارەی گشـتی خوێندکاری هەردو گروپەکە ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو (44) خوێندکار بون، بەشـی پەروەردەو دەرونزانی (22) خوێندکار بون (4) خوێندکاری کوڕو (18) خوێندکاری کچ بون، بەشی مێژو (22) خوێندکار بون (4) خوێندکار کوڕو (18) کچ بون، کە ڕونکراوەتەوە لەخشتەی (3) دا ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (3)

نمونەی توێژینەوەی هەردو کۆمەڵەی ئەزمونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو

| کۆمەڵەکان | بەشەکان | ژمارەی خوێندکاران | | کۆی خوێندکارانی توێژینەوە |
|---|---|---|---|---|
| | | کوڕ | کچ | |
| ئەزمونی | پەروەردەو دەرونزانی | 4 | 18 | 22 |
| کۆنترۆڵکراو | مێژو | 4 | 18 | 22 |
| کۆی گشتی | | 8 | 36 | 44 |

**سێیەم: هاوتاکردنی کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە لەهەندێک گۆڕاودا**

ســـەرەڕای ئەوەی خوێندکارانی هەردو کۆمەڵەی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو جۆرێک لەهاوســـەنگی لەنێوان هەردو کۆمەڵەکەدا بەدەســـتەوە دەدات، بەڵام توێژەر ویســـتی هاوتاکردن لەنێوانیان بکات لەهەندیک گۆڕاودا کە ڕەنگە کارتێکردنیان هەبێت بەســـەر گۆڕاوە پشـــت بەســـتەکان لەئەنجامدا کاردەکەنە ســـەر وردی ئەنجامەکان، گۆڕاوەکانیش بریتیبون لە:

1- تەمەنی خوێندکاران بەمانگ.

2- زانیاری پێشو دەربارەی بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە.

3- ئاستی زیرەکی خوێندکاران بەپێی پێوەری ڕاڤن.

4- ئاستی ئەکادیمی دایکان و باوکان.

5- کۆنمرەی ساڵی پێشوتر.

6- تاقیکردنەوەی وەرسبونی ئەکادیمی.

## 1- تەمەنی خوێندکاران بەمانگ

توێژەر ئەو زانیارییانەی کە پەیوەندیدار بون بەم گۆڕاوە لەخوێندکاران خۆیان وەرگیرا پاشـــان تەمەنی خوێندکارانی بەمانگ دەرهێنا ئەژمارکردنیان بۆ خوێندکارانی هەردو کۆمەڵەی توێژینەوەکە تارێکەوتی (2021/9/22)، لەدوایدا هەســـتا بەدەرهێنانی ناوەندی ژمێرەیی تەمەنی خوێندکارانی هەردو کۆمەڵەی (ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو) لە (247.50)، (252.25) مانگ بو، بۆ زانینی جیاوازی نێوان ناوەندی ژمێرەیی توێژەر تاقیکردنەوەی (T.Test)ی دو نمونەیی بەکارهێنا (Independent Sample T.Test) بەبەکارهێنانی هەگبەی ئاماری (SPSS)، کە بەهای (t) ئەژمارکراو (1.23) بو لە ئاســـتی بەڵگەداری ئاماری (0.05) بەنمرەی ئازادی (42) دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خوێندکارانی هەردو کۆمەڵەکە هاوتان لەم گۆڕاوەدا، وەک لەخشتەی (4)دا هاتوە.

**خشتەی (4)**

**هاوتایی تەمەنی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو بەمان**

| کۆمەڵەکان | ژمـــــارەی خوێندکاران | نـاوەنـدی ژمێرەیی | لادانـــــــــی پێودانگی | بـــەهـــای (t.test) ئەژمارکراو | (0.05)بەڵگەداری ئاماری لەئاستی |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەزمونی | 22 | 247.50 | 13.79 | 1.23 | 0.225 |
| کۆنترۆڵکراو | 22 | 252.25 | 11.71 | | |

## 2- زانیاری پێشو دەربارەی بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە

توێژەر هەســـتا بەجێبەجێکردنی تاقیکردنەوەیەک لەســـەر بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە بۆ هەردو کۆمەڵەی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو، کە پێکهاتبو لە (15) پرســـیارە لەجۆری (بۆشـــایی)، دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکەو ڕاســـتکردنەوەی وەڵامەکان، توێژەر ناوەندی ژمێرەیی خوێندکارانی هەردو کۆمەڵەکەی دەرهێنا، کە لە (15.95)و (14.40) بو، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (T.Test) بۆ دو نمونەی ســـەربەخۆ (Independent Sample T.Test) بەپێی بەرنامەی (SPSS)، کە بەهای (T) ئەژمار کراو (1.28) بو، لەئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.05)و نمرەی ئازادی (42)دا، دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە، کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خوێندکارانی هەردو کۆمەڵەکە هاوتان لەزانیاری پێشویان لەبابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە وەکو ئەوەی لەخشتەی (5)دا دیارە.

خشتەی (5)

ئەنجامی زانیاری پێشو دەربارەی بابەتی ئەزمون لەبابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە بۆ هەردو کۆمەڵەی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو

| کۆمەڵەکان | ژمارەی خوێندکاران | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێودانگی | بەهای (t) ئەژمارکراو | بەڵگەداری ئاماری لەئاستی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەزمونی | 22 | 15.95 | 5.11 | 1.28 | 0.205 |
| کۆنترۆڵکراو | 22 | 14.40 | 2.36 | | |

## 3- ئاستی زیرەکی خوێندکار بەپێی پێوەری ڕاڤن

ئەم پێوەرە لەلایەن ڕاڤن (Raven) لەساڵی (1938) ئامادەکراوە بۆ پێوانەکردنی ئاستی زیرەکی خوێندکار بەکاردێت کە ئازادە لەڕوی ڕۆشنبیری و زمانەوانییەوە، بەیاساکراوە لەزۆربەی وڵاتە عەرەبییەکان، کە گونجاوەو بەکاردێت هەر لەتەمەنی (6 بۆ 60) ساڵی کە لە(5) بەش پێکهاتوە، هەر بەشەش لە (12) برگە پێکهاتوە، هەر برگەیەک (1) نمرەی لەسەرەو یەک خولەک کاتت هەیە بۆ وەڵامدانەوە(ابو حماد، 2007، لا 256-293)، دوای ئەوەی وەڵامەکان لەلایەن توێژەر ڕاستکرانەوە بۆ هەر وەڵامێکی ڕاست (1) نمرەی دانا، بۆ هەر وەڵامێکی هەڵەش (سفر)ی دانا، دەرکەوت کە نمرەکان لەنێوان (14- 34) نمرە بو، دەرکەوت کە ناوەندی ژمێرەیی پێوەری ڕاڤن بۆ خوێندکارانی هەردو کۆمەڵەکە بریتیبو لە (28.27) و (26.50)، بۆ زانینی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان هەردو کۆمەڵەکەدا توێژەر تاقیکردنەوەی (Independent Sample T.Test) بەکارهێنا بەپێی بەرنامەی (SPSS)، کە بەهای (T) ئەژمارکراو (1.38)بو لەئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.05) بەنمرەی ئازادی (42) دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خوێندکارانی هەردو کۆمەڵەکە هاوتان لەو گۆڕاوەدا وەکو لەخشتەی (6)دا هاتوە.

**خشتەی (6)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی ئاستی زیرەکی هەردو کۆمەڵەکە**

| کۆمەڵەکان | ژمارەی خوێندکاران | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێودانگی | بەهای (t) ئەژمارکراو | بەڵگەداری ئاماری لەئاستی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەزمونی | 22 | 28.27 | 3.29 | 1.38 | 0.173 |
| کۆنترۆڵکراو | 22 | 26.50 | 5.01 | | |

## 4- ئاستی ئەکادیمی دایکان و باوکان

توێژەر ئاستی ئەکادیمی کۆمەڵەی ئەزمونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو دابەشکرد بۆ (10) ئاست بەپێی جۆری بڕوانامە. پاشان هەستا بەڕێکخستنی ئاستەکان لەنزمترین ئاستەوە بۆ بەرزترین ئاست کە بریتیبون لە

(نەخوێندەوار، دەخوێنێتەوەو دەنوســـێت، ســـەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی، پەیمانگا، بەکەلۆریۆس، دبلۆمی باڵا، ماستەر، دکتۆرا)، ئینجا هەستا بەدانانی بەهای هەریەکێکیان بەپێی پلەکانی خوێندن وەکو لەخشتەی (7)دا هاتوە.

خشتەی (7)

نمرەی دیاریکراو بۆ ئاستی خوێندنی باوان

| ز | ئاستی ئەکادیمی | پێدانی بەها بەئاست |
|---|---|---|
| 1 | نەخوێندەوار | 1 |
| 2 | دەخوێنێت و دەنوسێت | 2 |
| 3 | سەرەتایی | 3 |
| 4 | ناوەندی | 4 |
| 5 | ئامادەیی | 5 |
| 6 | پەیمانگا | 6 |
| 7 | بەکالۆریۆس | 7 |
| 8 | دبلۆمی باڵا | 8 |
| 9 | ماستەر | 9 |
| 10 | دکتۆرا | 10 |

### أ- ئاستی ئەکادیمی باوکان

ئاســتەکانی دەســتکەوتی ئەکادیمی باوکان بەپێی ئەو بڕوانامە زانســتییەی کە بەدەســتیان هێناوە دابەش بون بەسەر بە (10) ئاست .

ئاســـتەکان (نەخوێندکار، دەخوێنێتەوەو دەنوســـێت، ســـەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی، پەیمانگاُ، بەکالۆریۆس، دبلۆمی باڵا، ماســـتەر، دکتۆرا). کە توێژەر ئامرازی ئاماری (کای دوجا)ی بەکارهێناوە بۆ دەرهێنانی ئەنجامەکان، ئەو داتایانەی کە تایبەتن بەدەســـتکەوتی خوێندنی باوکان لەهەردو کۆمەڵەی توێژینەوەکە، توێژەر بەهۆی هەبونی (ســـفر) لەهەندێک لەئاســـتەکان بۆیە هەندێک لەئاســـتەکان تێکەڵاوکراوە، ئەنجامەکان دەریخســـت کە بەهای (کای دوجا)ی ئەژمارکراو (12.00)بو، لەئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.05) بەنمرەی ئازادی (9) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هیچ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدی ناکرێت لەنێوان هەردو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لەدەســـتکەوتی خوێندنی باوکاندا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەردو کۆمەڵەکە هاوتان لەم گۆڕاوەدا، وەک لەخشتەی (8) هاتوە.

خشتەی (8)

ئاستی ئەکادیمی باوکانی هەردو کۆمەڵەکە

| بەڵگەداری ئاماری لەئاستی (0.05) | بەهای کای دوجای ئەژمارکراو | ئامادەیی بەرەو سەرەوە | ناوەندی | سەرەتایی | نەخوێندەوار – دەخوێنێتەوەو – دەنوسێت | ژمارەی خوێندکار | کۆمەڵەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 0.213 | 12.00 | 9 | 2 | 5 | 6 | 22 | ئەزمونی |
| | | 3 | 2 | 12 | 5 | 22 | کۆنترۆڵکراو |

## ب- ئاستی ئەکادیمی دایکان

دەستکەوتی خوێندنی دایکان دابەشکراوە بەپێی جۆری بڕوانامەی زانستی بۆ (10) ئاست وەکو (نەخوێندەوار، دەخوێنێتەوەو دەنوسێت، سەرەتایی، ئامادەیی، پەیمانگا، بەکالۆریۆس، دبلۆمی باڵا، ماستەر، دکتۆرا) توێژەر ئامرازی ئاماری (کای دوجا)ی بەکارهێنا بۆ دەرهێنانی ئەنجامەکان لەگەڵ ئەو ژمارانەی کە تایبەتن بەدەستکەوتی خوێندنی دایکان بۆ هەردو کۆمەڵەی توێژینەوەکە، توێژەر بەهۆی هەبونی (سفر) لەهەندێک لەئاستەکان بۆیە هەندێک لەئاستەکان تێکەڵاوکراوە، ئەنجامەکان دەریخست کە بەهای (کای دوجا)ی ئەژمارکراو (3.00)بو، لەئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.05) بەنمرەی ئازادی (2) دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خوێندکارانی هەردو کۆمەڵەکە هاوتان لەدەستکەوتی خوێندنی دایکاندا، وەکو لەخشتەی (9) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (9)

ئاستی ئەکادیمی دایکانی هەردو کۆمەڵەکە

| بەڵگەداری ئاماری لەئاستی (0.05) | بەهای کای دوجای ئەژمارکراو | ناوەندی بەرەو سەرەوە | سەرەتایی | نەخوێندەوار – دەخوێنێتەوەو – دەنوسێت | ژمارەی خوێندکار | کۆمەڵەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 0.223 | 3.00 | 7 | 6 | 8 | 22 | ئەزمونی |
| | | 8 | 6 | 9 | 22 | کۆنترۆڵکراو |

## 5- کۆنمرەی ساڵی پێشوتر

توێژەر لەهێنانەدی ئەم هاوتایەدا پشتی بەستوە بەکۆی گشتی نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی (ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو) لەساڵی پێشو لەتاقیکردنەوەی کۆتایی هەردو کۆرسی خوێندن بۆ قۆناغی دوەمی زانکۆیان لەگشت بابەتەکانی خوێندنیان بۆ ساڵی خوێندنی [ii](2020-2021) ، بۆ زانینی جیاوازی لەنێوان هەردو ناوەندی ژمێرەیی کۆمەڵەکان دا توێژەر هەستا بەدەرهێنانی ناوەندی ژمێرەیی هەردو کۆمەڵەی توێژینەوە کە دەکاتە (62.50) و

(61.36) توێژەر تاقیکردنەوەی (T.Test) بۆ دو گروپی ســـــەربەخۆ بەکارهێنا (Independent Sample T.Test) بەپێی بەرنامەی (SPSS)، کە بەهای (T) ئەژمارکراو (0.46) بو لەئاســـــتی بەڵگەداری ئاماری (0.05) بەنمرەی ئازادی (42) دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خوێندکارانی هەردو کۆمەڵەکە هاوتان لەبەدەستهێنانی کۆی گشتی نمرەی خوێندکاران لەقۆناغی دوەمدا وەکو لەخشتەی (10) هاتوە.

خشتەی (10)

کۆی گشتی نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو

| کۆمەڵەکان | ژمـــــارەی خوێندکاران | نـاوەنـدی ژمێرەیی | لادانــــــــی پێودانگی | ئەژمارکراو(t)بەهای | بەڵگەداری ئاماری لە ئاســـتی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەزمونی | 22 | 62.50 | 9.81 | 0.46 | 0.646 |
| کۆنترۆڵکراو | 22 | 61.36 | 6.05 | | |

## 6- تاقیکردنەوەی وەڕسبونی ئەکادیمی

توێژەر هەســـتا بەجێبەجێکردنی پێوەری وەرســـبونی ئەکادیمی لەســـەر هەردو کۆمەڵەی توێژینەوەکە، بۆیە توێژەر هەســـــتا بەدەرهێنانی ناوەندی ژمێرەیی بۆ هەردو کۆمەڵەی توێژینەوەکە کە دەکاتە (142.81) و (130.81) بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (T.Test) بۆ دو گروپی ســـەربەخۆی بەکارهێنا، (Independent Sample T.Test) بەپێی بەرنامەی (SPSS)، دەردەکەوێت کە بەهای (T) ئەژمارکراو (1.30) بو، لەئاســـتی بەڵگەداری ئاماری (0.05) بەنمرەی ئازادی (42) دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خوێندکارانی هەردو کۆمەڵەکە هاوتان لەم گۆڕاوەدا، وەک لەخشتەی (11) هاتوە.

خشتەی (11)

تاقیکردنەوەی وەڕسبونی ئەکادیمی

| کۆمەڵەکان | ژمـــــارەی خوێندکاران | نـاوەنـدی ژمێرەیی | لادانــــــــی پێودانگی | (t)بــەهــای ئەژمارکراو | (0.05)بەڵگەداری ئاماری لەئاستی |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەزمونی | 22 | 142.81 | 35.08 | 1.30 | 0.199 |
| کۆنترۆڵکراو | 22 | 130.81 | 25.12 | | |

## چوارەم: ئامرازی توێژینەوەکە (Research Tools)

بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکەو تاقیکردنەوەی گریمانەکان دو ئامراز پێویستە:-

- پێوەری وەرسبونی ئەکادیمی

**پێوەری وەرسبونی ئەکادیمی (بنیاتنراوە)**

لەبەر نەبونی پێوانەیەکی گونجاو بەزمانی کوردی توێژەر پێوانەیەکی بۆ گۆڕاوی (وەڕســـبونی ئەکادیمی) ئامادەکرد، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم هەنگاوانەی خوارەوە ئەنجامدرا:-

أ- ئەنجامدانی ڕاپرسی کراوە

توێژەر ڕاپرســـیەکی کراوەی ئەنجامدا بۆ (20) خوێندکاری کوڕو کچی قۆناغی ســـێیەم لەفاکەڵتی پەروەردە بەشی پەروەردەو دەرونزانی، هەروەها (10) مامۆستای زانکۆی کۆیە، لەبەر شارەزایی و ئەزمونیان ڕاوبۆچونیان وەرگیراوە، بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری پێویست لەسەر گۆڕاوی وەڕسبونی ئەکادیمی ئەو پرسیارەی کە توێژەر ئامادەی کردبو بریتی بو لە (ئایا بەڕای بەڕێزتان ئەو نیشـــانە ڕەفتاری و هزری و هەڵچونیانە چین کە دەبێتە هۆی وەڕســـبونی ئەکادیمی خوێندکار لەناو پۆل و وانەو زانکۆی بەشـــێوەیەکی گشـــتی چییە؟)، دوای کۆکردنەوەی ڕاپرسیەکە توێژەر توانی (41) بڕگە ئامادە بکات.

ب- گەڕانەوە بۆ چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکانی پێشو

توێژەر بۆ ئامادەکردنی بڕگەکانی پێوانەی وەڕسبونی ئەکادیمی گەڕایەوە بۆ توێژینەوەکانی پێشـوترو توانی ســـود لەتوێژینەوەی (الخوالدة،2013) وەربگرێت و (14) بڕگەی لێ وەربگرێت(الخوالدة، 2013، 90-95)، بڕگەی (12,10,9,8,7,4) لەبواری یەکەم ڕێگاکانی وانەوتنەوە، بڕگەی(25 ,26 ,28 ,29 ,30 ,31) لەبواری دوەم ناوەڕۆکی پڕۆگرامی خوێندن، بڕگەی (16 ,20) لەبواری سێیەم هەڵسەنگاندن.

**دیاریکردنی ڕاستگۆیی** (Validity)

توێژەر چەند جۆرە ڕاستگۆیەکی بۆ پێوانەکە دیاری کرد:-

## أ- ڕاستگۆیی ڕواڵەتی (Face Validity)

بۆ دیاریکردنی ڕاســـتگۆیی ڕواڵەتی توێژەر پەنای بردە بەر ڕاوبۆچونی شـــارەزایان بۆ ئەم مەبەســـتەش پێوانەکە خرایە بەردەستی (15) شارەزا لەبواری پەروەردەو دەرونزانی، داوایان لێکرا ڕابۆچونی خۆیان سەبارەت بەگونجاوی بڕگەکان و بژاردەکان دەربڕن و هەر گۆڕانکارییەک پێیان باشە پێشنیازی بکەن، دوای کۆکردنەوەی فۆرمەکان، بەپێی بۆچونی شـــارەزایان تەنها ئەو بڕگانە مانەوە کە ڕێژەی ڕێککەوتنیان لەســـەر مانەوەی بڕگەکان (95%) بو، بەم شـــێوەیە لەکۆی (55) بڕگە (10) بڕگە لادران، بریتی بون لەبڕگەی (11-12) لەبواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە بڕگەی (20-21) لەبواری ناوەڕۆکی پڕۆگرامی خوێندن، بڕگەی (31) لەبواری هەڵســـەنگاندن، بڕگەی (36 -37 -38) لەبواری داهاتوی کارەکەم، بڕگەی (46) لەبواری مامۆســـتا، بڕگەی (55) لەبواری لایەنی ماددی، وە بڕگەکانی تر وەکو خۆیان ماونەتەوە، بەم شێوەیە ژمارەی بڕگەکان بون بە (45) بڕگە.

## ب- ڕاستگۆیی بونیادنان (Construct Validity)

توێژەر ڕاستگۆیی بونیادنانی ئەنجامدا بۆ پێوانەی وەڕسبونی ئەکادیمی لەسەر نمونەی سەرەتایی (183) خوێندکاری نێرو مێ، دواتر بە بەکارهێنانی هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان (SPSS) هاوکۆلکەی پەیوەندی (pearson) نێوان بڕگەکانی تەوەرەکان لەگەڵ کۆی گشتی تەوەرەکان دۆزیوەتەوە وەکو لەم خشتەی خوارەوە ڕون کراوەتەوە.

خشتەی(12)

پەیوەندی نێوان پرسیارەکانی تەوەری یەکەم لەگەڵ کۆی گشتی تەوەر

| ز | پرسیارەکان | بەهای پەیوەندی (pearson) | بەهای ئەگەری (p-value) | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 1 | 0.662 | 0.000** | بەهادارە |
| 2 | 2 | 0.595 | 0.000** | بەهادارە |
| 3 | 3 | 0.632 | 0.000** | بەهادارە |
| 4 | 4 | 0.644 | 0.000** | بەهادارە |
| 5 | 5 | 0.660 | 0.000** | بەهادارە |
| 6 | 6 | 0.494 | 0.000** | بەهادارە |
| 7 | 7 | 0.712 | 0.000** | بەهادارە |
| 8 | 8 | 0.703 | 0.000** | بەهادارە |
| 9 | 9 | 0.518 | 0.000** | بەهادارە |
| 10 | 10 | 0.696 | 0.000** | بەهادارە |

** پەیوەندیەکی بەهادرای ئاماری لە ئاستی کاریگەری (p-value≤ 0.05) .

خشتەی(13)

پەیوەندی نێوان پرسیارەکانی تەوەری دوەم لەگەل کۆی گشتی تەوەر

| ز | پرسیارەکان | بەهای پەیوەندی (pearson) | بەهای ئەگەری (p-value) | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 11 | 0.552 | 0.000** | بەهادارە |
| 2 | 12 | 0.542 | 0.000** | بەهادارە |
| 3 | 13 | 0.492 | 0.000** | بەهادارە |
| 4 | 14 | 0.590 | 0.000** | بەهادارە |
| 5 | 15 | 0.603 | 0.000** | بەهادارە |
| 6 | 16 | 0.354 | 0.000** | بەهادارە |
| 7 | 17 | 0.566 | 0.000** | بەهادارە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 8 | 18 | 0.595 | 0.000** | بەهادارە |
| 9 | 19 | 0.602 | 0.000** | بەهادارە |
| 10 | 20 | 0.557 | 0.000** | بەهادارە |

** پەیوەندییەکی بەهادرای ئاماری لە ئاستی کاریگەری (p-value≤ 0.05).

خشتەی(14)

پەیوەندی نێوان پرسیارەکانی تەوەری سێیەم لەگەڵ کۆی گشتی تەوەر

| ز | پرسیارەکان | بەهای پەیوەندی (pearson) | بەهای ئەگەری (p-value) | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 21 | 0.638 | 0.000** | بەهادارە |
| 2 | 22 | 0.651 | 0.000** | بەهادارە |
| 3 | 23 | 0.533 | 0.000** | بەهادارە |
| 4 | 24 | 0.468 | 0.000** | بەهادارە |
| 5 | 25 | 0.542 | 0.000** | بەهادارە |
| 6 | 26 | 0.461 | 0.000** | بەهادارە |
| 7 | 27 | 0.647 | 0.000** | بەهادارە |

** پەیوەندییەکی بەهادرای ئاماری لە ئاستی کاریگەری (p-value≤ 0.05).

خشتەی(15)

پەیوەندی نێوان پرسیارەکانی تەوەری چوارەم لەگەل کۆی گشتی تەوەر

| ز | پرسیارەکان | بەهای پەیوەندی (pearson) | بەهای ئەگەری (p-value) | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 28 | 0.727 | 0.000** | بەهادارە |
| 2 | 29 | 0.823 | 0.000** | بەهادارە |
| 3 | 30 | 0.792 | 0.000** | بەهادارە |

** پەیوەندیەکی بەهادرای ئاماری لە ئاستی کاریگەری (p-value≤ 0.05).

خشتەی(16)

پەیوەندی نێوان پرسیارەکانی تەوەری پێنجەم لەگەڵ کۆی گشتی تەوەر

| ز | پرسیارەکان | بەهای پەیوەندی (pearson) | بەهای ئەگەری (p-value) | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 31 | 0.436 | 0.000** | بەهادارە |
| 2 | 32 | 0.574 | 0.000** | بەهادارە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 3 | 33 | 0.613 | 0.000** | بەهادارە |
| 4 | 34 | 0.565 | 0.000** | بەهادارە |
| 5 | 35 | 0.534 | 0.000** | بەهادارە |
| 6 | 36 | 0.645 | 0.000** | بەهادارە |
| 7 | 37 | 0.740 | 0.000** | بەهادارە |
| 8 | 38 | 0.688 | 0.000** | بەهادارە |
| 9 | 39 | 0.698 | 0.000** | بەهادارە |
| 10 | 40 | 0.662 | 0.000** | بەهادارە |

** پەیوەندیەکی بەهادرای ئاماری لە ئاستی کاریگەری (p-value≤ 0.05).

**خشتەی(17)**

پەیوەندی نێوان پرسیارەکانی تەوەری شەشەم لەگەڵ کۆی گشتی تەوەر

| ز | پرسیارەکان | بەهای پەیوەندی (pearson) | بەهای ئەگەری (p-value) | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 41 | 0.560 | 0.000** | بەهادارە |
| 2 | 42 | 0.751 | 0.000** | بەهادارە |
| 3 | 43 | 0.797 | 0.000** | بەهادارە |
| 4 | 44 | 0.797 | 0.000** | بەهادارە |
| 5 | 45 | 0.821 | 0.000** | بەهادارە |

** پەیوەندیەکی بەهادرای ئاماری لە ئاستی کاریگەری (p-value≤ 0.05).

**خشتەی(18)**

پەیوەندەی هەر تەوەرێک لەگەل کۆی گشتی هەمو تەوەرەکان

| ز | پرسیارەکان | بەهای پەیوەندی (pearson) | بەهای ئەگەری (p-value) | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|
| 1 | تەوەری یەکەم | 0.728 | 0.000** | بەهادارە |
| 2 | تەوەری دوەم | 0.788 | 0.000** | بەهادارە |
| 3 | تەوەری سێیەم | 0.720 | 0.000** | بەهادارە |
| 4 | تەوەری چوراەم | 0.439 | 0.000** | بەهادارە |
| 5 | تەوەری پێنجەم | 0.799 | 0.000** | بەهادارە |
| 6 | تەوەری شەشەم | 0.688 | 0.000** | بەهادارە |

** پەیوەندیەکی بەهادرای ئاماری لە ئاستی کاریگەری (p-value≤ 0.05).

لەئەنجامدا دەركەوت كە بڕگەكانی پێوەرەكە پەیوەندی بەهێزیان هەیە بەكۆی گشـــتی پێوانەكە، بۆیە هەمو بڕگەكانی پێوەرەكە وەكو خۆیان ماونەتەوە.

**ئەنجامدانی پێوەری وەڕسبونی ئەكادیمی لەسەر نمونەی سەرەتایی**

دوای ئەنجامدانی پێوەرەكە لەســەر (183) خوێندكاری كوڕو كچی كۆلێژی پەروەردە لەبەشــەكانی (جوگرافیا، كوردی، ئینگلیزی، عەرەبی، پەروەردەی ئایینی) تاقیكردنەوەكە بۆ ئەو خوێندكارانە كرا كە نمونە بنچینەیەكە نەیدەگرتنەوە بەمەبەســـتی دەرهێنانی توانای جیاكاری بڕگەكان و دەرهێنانی جێگیری و ڕونی تاقیكردنەوەكەو ڕێنماییەكان و كاتی خایەنراو.

## - توانای جیاكاری بڕگەكان (Discrimination)

ڕێژەی سەدەی بۆ وەڵامە ڕاستەكان لەكۆمەڵەی بەرز كە دەستنیشان كراوە لەسەر ڕێژەی سەدی ژمارەی وەڵامی ڕاست لەسەر كۆمەڵەی نزم(ابراهیم، 1998، 133)، دوای جێبەجێكردنی پێوانەكە لەسەر نمونەی سەرەتایی، توێژەر نمرەكانی لەنزمترین نمرەوە بۆ بەرزترین نمرەوە ڕێكخســـت، دواتر (27%) لەنمرە نزمەكانی وەرگرت، كە بریتیبون لەنمرەی (50) خوێندكار، ســـەدا (27%) لەنمرە بەرزەكانی وەرگرت كە بریتیبون لەنمرەی (50) خوێندكار، بەم جۆرەش ژمارەی خوێندكارەكانی هەردو كۆمەڵەكە پێكەوە (100) خوێندكار، دوای بە بەكارهێنانی ئامرازی ئاماری (Independent Sample T-Test)، بۆ ئاشــكراكردنی بونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەنێوانیان، لەئەنجامدا دەركەوت كە بەهای (t) (26.93) بو، لەئاســـتی بەڵگەداری ئاماری (0.000) بەنمرەی ئازادی (98)، لێرەدا جیاوازی بەگەڵداری ئاماری لەنێوان گروپەكان لەبەرژەوەندی كۆمەڵەی بەرز بەدی دەكرێت، كە ناوەندی ژمێرەییەكەی (3.80) بەلادانی پێوەری (0.25)، بە بەراورد بەكۆمەڵەی نزم، ناوەندی ژمێرەییەكەی (2.20) بو بەلادانی پێوەری (0.33)، بەمجۆرەش دەتوانین بڵێین بڕگەكان توانای جیاكردنەوەیان لەنێوان ئەو تاكانەی كە وەڕسبونی ئەكادیمیان بەرزەو ئەوانەی وەڕسبونی ئەكادیمیان نزمە هەیە.

**خشتەی (19)**

**توانای جیاكاری بۆ بڕگەكانی پێوانەی وەڕسبونی ئەكادیمی**

| | Part | N | Mean | Std. Deviation | t-test | df | p-value |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Total Score | Lowest - 27% | 50 | 2.20 | 0.336 | -26.932 | 98 | 0.000** |
| | Highest- 27% | 50 | 3.80 | 0.253 | | | |

** Significant at Level ($p \leq 0.05$)

## دیاریكردنی جێگیری (Reliability)

توێژەر بۆ دیاریكردنی جێگیری پێوانەكەی چەند ڕێگەیەكی بەكارهێنا:-

**أ- ڕێگەی دوبارە جێبەجێكردنە** (Test-Retest)

جێگیری پێوانەکە بەشـــێوەی (Test-Retest) دیاریکرا، بۆ جاری یەکەم لەڕێکەوتی (5-10-2021) پێوانەکە بەسـەر (62) خوێندکاری قۆناغی سێ جێبەجێکرا، کە بەشێک بون لەکۆمەڵگای توێژینەوەکەو پێکهاتبون لەڕەگەزی نێرو مێ، دوای تێپەڕبونی (15) ڕۆژ ڕێککەوتی (20-10-2021) دوبارە پێوانەکە لەسەر هەمان نمونە جێبەجێکرایەوە، دواتر پەیوەندی نێوان ئەنجامی یەکەم و دوەم لەڕێگەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرســـۆن (Person) دۆزرایەوە، لەئەنجامدا دەرکەوت بەهای پەیوەندی نێوان ئەنجامی یەکەم و دوەم بریتییە لە(0.72) کە ئەمەش پەیوەندییەکی بەهێزە ئاماژەیە بۆ ئەوەی جێگیری پێوانەکە بەرزە، هەروەک لەخشتەی (20) ڕونکراوەتەوە.

**خشتەی** (20)

**جێگیری پێوانەی وەڕسبونی ئەکادیمی بەڕێگەی دوبارە جێبەجێکردن**

| ئەنجامدانی تاقیکردنەوە | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای پەیوەندی | ئاستی بەڵگەداری(sig) |
|---|---|---|---|---|---|
| **یەکەم** | 62 | 133.77 | 30.19 | 0.72 | 0.000 |
| **دوەم** | 62 | 133.59 | 33.22 | | |

**. Correlation is significant at the 0.01 level (2-tailed).

## ڕێگەی ئەلفاکرونباخ (Cronbach's Alpha)

بۆیە پێوانە بەسەر (183) خوێندکاری نمونەی سەرەتایی دابەشکرا، ڕێژەی جێگیری گشتی بەم ڕێگەیە (0.90) کە ئەمەش جێگیریەکی بەرزە، هەروەها جێگیری بۆ هەر تەوەرێک بەجیا دەرهێنرا وەک لەخشـــتەی (21) ڕونکراوەتەوە.

**خشتەی(21)**

جێگیری بڕگەکانی فۆرمی ڕاپرسی بەبەکارهێنانی پێوەری الفا-کرۆنباخ

| ز | تەوەرەکان | ژ. پرسیارەکان | پێوەری الفا کرونباخ | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | 10 | 0.831 | جێگیرە |
| 2 | ناوەڕۆکی پرۆگرامی خوێندن | 10 | 0.677 | جێگیرە |
| 3 | هەڵسەنگاندن | 7 | 0.633 | جێگیرە |
| 4 | داهاتوی کارەکەم | 3 | 0.676 | جێگیرە |
| 5 | مامۆستا | 10 | 0.766 | جێگیرە |
| 6 | لایەنی ماددی | 5 | 0.817 | جێگیرە |
| 7 | گشت پرسیارەکانی فۆرم | 45 | 0.901 | جێگیرە |

## ڕێگەی کەرتکردنی نیوەیی (Split Half Method)

جێگیری پێوانەکە دەســتنیشــان کرا بەڕێگەی (Split Half)، بۆ ئەم مەبەســتەش دوای جێبەجێکردنی پێوانەکە بەســەر نمونەی ســەرەتایی (183) خوێندکار، لەڕێگەی بەکارهێنانی پرۆگرامی (SPSS) هەگبەی ئاماری بۆ زانســتە کۆمەڵایەتیەکان و بەکارهێنانی هاوکێشــــەی ســــپێرمان براون (Sperman Brown) دەرکەوت کە بەهای پەیوەندی نێوان بەشی یەکەم و دوەمی پێوانەکە بریتی بو لە (0.58)، لەبەرئەوەی هاوکێشەی سپێرمان براون بۆ کەرتکردنی (نیوەیی) بەکارهاتوەو بڕگەکان تاکن، بۆیە لەڕێگەی هاوکێشــــەی جتمان (Guttman) بەهای پەیوەندی ســــپێرمان ڕاستکرایەوەو بو بە (0.73) کە ئەمەش جێگیرییەکی باشە، هەروەک لەخشتەی (22) ڕونکراوەتەوە.

**خشتەی** (22)

**جێگیری پێوانەی وەڕسبونی ئەکادیمی بەڕێگەی کەرتبونی نیوەیی**

| | | | |
|---|---|---|---|
| Cronbach's Alpha | Part 1 | Value | 0.852 |
| | | N of Items | 23[a] |
| | Part 2 | Value | 0.848 |
| | | N of Items | 22[b] |
| | Total N of Items | | 45 |
| Correlation Between Forms | | | 0.585 |
| Spearman-Brown Coefficient | Equal Length | | 0.738 |
| | Unequal Length | | 0.738 |
| Guttman Split-Half Coefficient | | | 0.736 |

## تایبەتمەندی پێوانەکە بەشێوەی کۆتایی

پێوانەی وەڕسبونی ئەکادیمی لە (45) بڕگەی ئەرێنی پێکهاتبو بەشێوەیەکی گشتی بڕگەکان لەلای خوێندکاران ڕون بون و کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوە بریتی بو لە (15) خولەک، هەروەها بژاردەکانی وەڵامدانەوە لەناوەڕۆکی بڕگەکان بەجۆری (5) بژاردە داڕێژراوە، واتە پێنج بژاردە لەبەرامبەر بڕگەکان هەیە، بریتین لە (بەردەوام وایە، زۆرجاروایە، بەئاســتی ناوەند وایە، کەم وایە، هەرگیز وانیە)بەهای بژاردەکانیش بریتین لە (5 ,4 ,3 ,2 ,1) بەهەمان ڕیزبەندی.

## چوارەم: پێداویستییەکانی ئەزمونەکە

## - جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی ئەزمونەکە

پێداویســــتییەکانی ئەزمونەکە بریتییە لەئامادەکردنی کۆمەڵێک پلانی وانەوتنەوە لەگەڵ هەمو ئەو هەنگاوانەی کە مامۆســــتا جێبەجێی دەکات بۆ وانەوتنەوەی ڕێگاکانی وانەوتنەوە پێش دەســــتپێکردنی ئەزمونەکە، بۆ

بەدەســـــتهێنانی ئامانجە فێرکارییەکان لەگەڵ ئامادەکردنی بابەتەکانی ڕێگاکانی وانە وتنەوە بەڕێگای ئەلیکترۆنی توێژەر دوای گەڕانی زۆر چاوپێکەوتن لەگەڵ چەند کەســـێکی پســـپۆر لەبواری کۆمپیوتەر (IT) لەبەشـــی بەرنامەســـــازی، چەند بەرنامەیەک دیاریکرا وەکو بەرنامەی (Visme, Prezi, Keynote, Slidebeen, Zoho Show,Canva, Power point) پێشـــنیارکران بەڵام بەڕای زۆرینەی شـــارەزایان کە لەچاوپێکەوتنێکدا ئەنجامدرا ڕای زۆرینەیان ئەوە بو کە (Power Point) بەکاربهێنرێت لەبەر گونجاوی لەگەڵ ناونیشان و توانای خوێندکاران لەڕوی بەکارهێنانەوە گونجاوترەو لەهەمو بەرنامەکانیتر بەهێزتر بو، لەڕوی بەکارهێنان و چۆنیەتی ئیشـــپێکردن و هەڵبژاردەی زیاتری تێدابو بۆ جێبەجێکردنی کاری توێژینەوەکەو ڕادەی گونجاوی لەگەڵ گۆڕاوی پاشـــکۆ، هەروەها ئەو بەرنامانە پێویســـتیان بەبونی هێڵی ئینتەرنێت بو کە ئەمە لەلایەکەوە لەگەڵ ناونیشـــانی توێژینەوەکە نەدەگونجاو هەروەها لەگەڵ ئاســـتی دابینکردنی پێویســـتی و توانای خوێندکاران گونجاو نەبو، ئەمانە هەموی لەلایەک لەلایەکی ترەوە (Powe point) هەمو ئەو کارانە دەکات کە لەبەرنامەکانی تردا هەن.

### شەشەم: دروستی ناوەوەو دەرەوە:

لەبەر ئەوەی ڕەنگە هەندێک گۆڕاوهەبن کاربکەنە ســـەر دروســـتی ناوەوەو دەرەوەی ئەزمونەکەو پاشـــان کاربکەنە ســـــەر ئەنجام و وردی ئەزمونەکە، لەبەرئەمە توێژەر بەپێی توانا هەوڵیدا کارتێکردنی ئەم گۆڕاوانە کەم بکاتەوە یان بێ لایەنیان بکات کە ڕەنگە کار لەدروســـــتی ناوەوە یان دەرەوەی ئەزمونەکە بکەن، بەم جۆرەی خوارەوە.

### 1- دروستی ناوەوە (Intenrnal safety):

بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر هەوڵیدا بەپێی توانا کۆمەڵێک فاکتەری کارلێکەر کۆنترۆڵ بکات کە ئەمانەن:

**أ- جیاوازی لەنێوان تاکەکانی نمونەکە:**

توانرا ئەم گۆڕاوە کۆنترۆڵ بکرێت لەڕێگای بەکارهێنانی شـــێوازی هەڵبژاردنی هەڕەمەکی و ئەنجامدانی کرداری هاوتاکردنی هەردو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لەتەمەن بەمانگ و تاقیکردنەوەی زیرەکی و دەســـتکەوتی ئەکادیمی دایک و باوک و ڕەگەزو کۆنمرەیان و زانیاری پێشـــو دەربارەی بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوەو پێوەری وەرسبونی ئەکادیمی.

**ب- بارودۆخی ئەزمونەکەو ڕوداوەکان:**

هیچ جۆرە ڕوداوێکی لەناکاو ڕوینەداوە کە ببێتە هۆی دروســـت بونی بەربەســـت بەدرێژایی ئەنجامدانی توێژینەوەکە، بۆیە دەتوانرێت بگوترێت کە کاریگەری ئەم هۆکارە بێ لایەن بوە.

**ج- گەشەکردن:**

کارلێکی ئەم فاکتەرە بێ لایەن بوە کاتێک توێژەر هاوســـەنگی کرد لەنێوان تەمەنی خوێندکارانی هەردو کۆمەڵەکە، ســـەرباری ئەوەی کە هەر گەشـــەیەک ڕوبدات بۆ خوێندکارانی هەردو کۆمەڵەکە وەک یەک ڕودەدات، ڕەنگە بەشێوەیەکی یەکسانیش بێت.

**د- خوێندن هێلان یان ئامادەنەبون:**

بەدرێژایی جێبەجێکردنی ئەزمونەکە هیچ خوێندکارێک وازی لەخوێندن نەهێناوە، بەڵام هەندێک لەخوێندکاران جارجار لەوانەکە ئامادەنەبون، لەکۆمەڵەی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو، بەڵام ئەمە بۆ خوێندکارانی هەردو کۆمەڵەکە وەک یەک بوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کارلێکی ئەم گۆڕاوە بێ لایەن بوە.

**هـ-ئامرازی پێوانەکە:**

توێژەر هەمان ئامرازی بۆ هەردو کۆمەڵەکە وەک یەک بەکارهێنا، واتە کارلێکی ئەم فاکتەرە بێ لایەن بوە.

2-**دروستی دەرەوە** (External safety):

بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر ئەم هەنگاوانەی خوارەوەی ئەنجامدا:-

**أ- کارلێکی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەگەڵ لایەنگیری تاقیکردنەوەکە:**

توانرا کۆنترۆڵی ئەم هۆکارە بکرێت لەماوەی دابەشـــکردنی هەڕەمەکی تاکەکانی نمونەی توێژینەوەکە، سەرەڕای هاوتاکردنی خوێندکاران لەکۆمەڵێک گۆڕاودا لەنێوان هەردو کۆمەڵەکەدا.

**ب- کاریگەری تاقیکردنەوەی پێشینە:**

توێژەر ئەم کارتێکردنەی بێلایەن کرد دەربارەی تاقیکردنەوەی وەرســـبونی ئەکادیمی، بەجۆرێک ئەم تاقیکردنەوەیە جێبەجێکرا لەســـەر هەردو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لەســـەرەتای دەســـتپێکردنی توێژینەوەکەدا، هەمان تاقیکردنەوە دوبارە دەکاتەوە لەکۆتایی توێژینەوەکە لەســـەر هەمان کۆمەڵەی پێشـــوتر، جا ئەگەر کارلێک هەبێت ئەوا بۆ هەردو کۆمەڵەکە وەک یەکە.

**ج- کارلێکی کردارەکانی توێژینەوەکە:**

بەمەبەستی بێ لایەن کردنی ئەم کارتێکردنە، توێژەر ئەم کردارانەی خوارەوەی جێبەجێکرد:-

1- **نهێنی ئەزمونەکە:**

بەمەبەســـتی کۆنترۆڵکردنی ئەم گۆڕاوە توێژەر لەگەڵ هەردوک ســـەرۆک بەش ڕێکەوت خوێندکاران بەوە ئاگادار نەکەنەوە ئەزمونەو بۆ مەبەستی توێژینەوەی زانستییە، بۆ ئەوەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی سروشتی بڕوات و بگات بەئەنجامێکی ورد.

2- **مامۆستای بابەت:**

ئەوەی پەیوەندیدارە بەم هۆکارە ئەوەیە کە مامۆستای بابەت کاریگەری هەبێت لەسەر ئەنجامی توێژینەوەکە، چونکە توانایان مامۆستایان بۆ وتنەوەی بابەتەکان جیاوازەو لەڕوی کەسایەتییەوە لەوانەیە کاریگەریان هەبێت و هەریەکەیان شــێوازی تایبەتی خۆی هەیە بۆ وتنەوەی بابەتە، لەبەرئەوە توێژەر بەباشــی زانی خۆی وەکو مامۆســتاو پســپۆری بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوەو وەک توێژەر خۆی وانەکە بەهەردو کۆمەڵەی ئەزمونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو بڵێتەوە، بۆ کەم کردنەوە یان نەهێشــتنی کاریگەری ئەم گۆڕاوە لەســەر هەردو کۆمەڵەی توێژینەوەکە، ئەمەش زیاتر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە وردترو بابەتیانەتر دەکات.

**- ماوەی توێژینەوەکە:**

ماوەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی یەکسان بو بۆ هەردو کۆمەڵەی توێژینەوەکە، بۆیە توێژینەوەکە لەڕێکەوتی (2021/10/3) دەستی پێکردوەو کۆتایی هاتوە لە ڕێکەوتی (2021/11/22).

**6- باڵەخانە:**

توێژینەوەکە جێبەجێکرا لەدو باڵەخانەی جیا، دور لەیەک لەبەرئەوەی سروشتی توێژینەوەکە وای دەخواست کە گروپەکان دوربن لەیەک، بەمەبەستی پاراستنی شێوازی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە بەڵام هاوشێوە لەڕوی قەبارەی پۆلەکە لەڕوی پانی و درێژی و شێوازی کورسیەکان و ڕوناکی و پلەی ساردی و گەرمی.

**حەوتەم- جێبەجێکردنی ئەزمونەکە:**

دوای ئەوەی توێژەر ســەرجەم پێداویســتییەکانی توێژینەوەکەی دابینکرد کە بۆمەبەســتی توێژینەوەکەی ئامادەی کردبو، دەســتی بەئەنجامدانی توێژینەوەکە کرد لەکۆرســی یەکەمی خوێندن لەڕێکەوتی (2021/10/3) بۆ هەردو کۆمەڵەی توێژینەوەکە، ئەزمونەکە کۆتایی هات لەڕێکەوتی (2021/11/22).

**هەشتەم: جێبەجێکردنی ئامرازی توێژینەوەکە:**

**- پێوەری وەڕسبونی ئەکادیمی:**

توێژەر هەســتا بەجێبەجێکردنی پێوەری وەڕســبونی ئەکادیمی لەســەر خوێندکارانی هەردو کۆمەڵەکە بەمەبەستی هاوسەنگی نێوانیان، هەروەک بۆ زانینی زانیاری و ئاستی گەشەی بەدەستهێنراو دوای تەواو بونی ئەزمونەکە، هەروەها جێبەجێکردنی کۆتایی پێوەرەکە لەڕێکەوتی (2021/11/29) ئەویش جێبەجێکرا لەســەر خوێندکارانی هەردو کۆمەڵەکە لەیەک ڕۆژدا.

**نۆیەم: ڕاستکردنەوەی ئامرازی توێژینەوەکە:**

**پێوانەی وەڕسبونی ئەکادیمیی:**

توێژەر هەستا بەڕاستکردنەوەی وەڵامەکانی هەردو کۆمەڵەکە دوای جێبەجێکردنی پێوەری توێژینەوەکە کە نمرەکان دانراوە، هەروەک داتاکان بەشێوەیەکی ئاماری چارەسەریان بۆ کراوە تا گەیشتۆتە دەرئەنجامی توێژینەوەکە.

**دەیەم: ئامرازە ئامارییەکان**

تویژەربەرنامەی ئاماری (SPSS) بەکارهینا بو دەرهینانی ئەنجامەکانی.

**گریمانی یەکەم: کە تایبەت بو بەوەرسبونی ئەکادیمی هەردو گروپی ئەزمونی و کونترۆڵکراو**

(هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی (0.05) بەدی ناکرێت لەنێوان ناوەندی نمرەکانی خوێندکارانی گروپی ئەزمونی کە بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە بەپێی کارایی بەرنامەیەکی فێرکاری ئەلیکترۆنی پێشنیازکراوبەپێی فێربونی خودی و ناوەندی نمرەکانی خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە بەڕێگای ئاسایی دەخوێنن لەسەر وەڕسبونی ئەکادیمی).

بۆ زانینی ڕاستی ئەم گریمانە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێودانگی بۆ خوێندکارانی هەردو گروپەکە دەرهێنا، پاشان تاقیکردنەوەی (T.Test)ی دو گروپی سەربەخۆی بەکارهێنا (Independ Sample T.Test) لەئەنجامدا دەرکەوت کە بەهای (t) دەرهێنراو(2.025) بو لەئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.05) بەنمرەی ئازادی (42) ئەنجامەکان وەک لەخشتەی (23)دا ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (23)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (t) لەئاستی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان

نمرەکانی خوێندکارانی گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو لەوەڕسبونی ئەکادیمیدا

| گروپ | ژمارەی خوێندکاران | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێودانگی | نمرەی ئازاد | (t)بەهای دەرهێنراو | بەڵگەداری ئاماری لەئاستی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزمونی | 22 | 118.818 | 32.975 | 42 | 2.025 | 0.04 بەڵگەدارە |
| ئەزمونی | 22 | 138.363 | 31.027 | | | |

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەئاستی (0.05) لەنێوان ناوەندی نمرەکانی خوێندکارانی گروپی ئەزمونی و خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو لەوەڕسبونی ئەکادیمی، بەم شێوەیە گریمانی سفری ڕەت دەکرێتەوەو گریمانی جێگرەوە پەسەند دەکرێت کە دەڵێت: (جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە ئاستی (0.05) لەنێوان ناوەندی نمرەکانی خوێندکارانی گروپی ئەزمونی ئەوانەی بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە بەپێی کارایی بەرنامەیەکی فێرکاری ئەلیکترۆنی پێشنیازکراو بەپێی فێربونی خودی دەخوێنن بە بەراورد لەگەڵ ناوەندی

نمرەکانی خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بابەتی ڕێگاکانی وانەتنەوە بەڕێگای ئاسایی دەخوێنن لەسەر وەڕسبونی ئەکادیمی لەبەرژەوەندی گروپی ئەزمونی).

لێرەدا بۆمان بەدەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەوەڕسونی ئەکادیمی لەنێوان خوێندکارانی گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو لەبەرژەندی گروپی ئەزمونی، توێژەر هۆکاری دەرکەوتنی ئەنجامەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ بەکارهێنانی ئەم بەرنامە ئەلکترۆنیەکە پشت دەبەستێ بە فێربونی خودیە کاریگەری هەیە لەسەر کەمکردنەوەی وەرسبونی ئەکادیمی هەروەها ئەو ناوەڕۆک و پڕۆگرامەی ئامادەکراوە لە ڕوی لایەنی(زانەکی و سۆزداری و دەرونجوڵەیی )گونجاوە لەگەڵ توانای خوێندکاران ئەمەش وایکردبێت ببێتە هۆی کەمکردنەوەی وەرسبونی ئەکادیمی هەروەها ئەو ژینگە گونجاوەی کە وانەی تێدا خوێندراوە کە هەمو پێویستیەکانی خوێندنی تێدا فەراهەم کراوە ڕەنگە هۆکارێکی تری کەمکردنەوەی وەرسبونی ئەکادیمی بێت، ئەم توێژینەوەیە هاوشێوەیە لەگەڵ ئەنجامەکانی توێژینەوەی (مسعودة و باعمر،2022)و (عیسی،2019)و (الحمیدی والیوسف،2019)و(الخوالدة،2013)و (الخضراوی و شلاكة،2022).

توێژەر بەمەبەستی دەرهێنانی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ پشتی بەست بەبەکارهێنانی هاوکێشەی (ایتا) دەرکەوت قەبارەی کاریگەرییەکەی ناوەندە کە دەکاتە (0.08).

| بەهای قەبارەی کاریگەری | نمرەی ئازاد | بەهای(t) |
|---|---|---|
| 0.08 | 42 | 2.02 |

**گریمانی دوەم: کە تایبەت بەوەڕسبونی ئەکادیمی خوێندکارانی گروپی ئەزمونی لەتاقیکردنەوەی پێشینەو پاشینە**

(هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی (0.05) بەدی ناکرێت لەنێوان ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشینەو پاشینەی خوێندکارانی گروپی ئەزمونی کە بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە بەپێی کارایی بەرنامەیەکی فێرکاری ئەلیکترۆنی پێشنیازکراو بەپێی فێربونی خودی دەخوێنن لەسەر وەڕسبونی ئەکادیمی).

بۆ زانینی ڕاستی ئەم گریمانە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێودانگی خوێندکارانی گروپی ئەزمونی دەرهێنا، پاشان تاقیکردنەوەی (تي تێستی دو گروپی پێکەوەبەستراو) بەکارهێنا بەپێی هاوکێشەی (Paired Sample T.Test) لەئەنجامدا دەرکەوت کە بەهای (t) دەرهێنراو (2.099) لەئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.05) بەنمرەی ئازادی (21) ئەنجامەکان وەک لەخشتەی ژمارە (24)دا ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (24)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (t) بۆ ئاستی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان

نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشینەو پاشینەی گروپی ئەزمونی لەوەڕسبونی ئەکادیمی

| تاقیکردنەوە | ژمارەی خوێندکاران | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێودانگی | نمرەی ئازاد | بەهای (t) دەرهێنراو | بەڵگەداری ئاماری لەئاستی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پێشینە | 22 | 142.818 | 35.081 | 21 | 2.099 | 0.04 |
| پاشینە | 22 | 118.818 | 32.975 | | | |

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەئاستی (0.05) لەنێوان ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشینەو پاشینەی خوێندکارانی گروپی ئەزمونی لەوەڕسبونی ئەکادیمی، بەم شێوەیە گرمانی سفری ڕەت دەکرێتەوەو گریمانی جێگرەوە پەسەند کە دەڵێ (جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەئاستی (0.05) لەنێوان ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشینەو پاشینەی خوێندکارانی گروپی ئەزمونی کە بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە بەپێی کارایی بەرنامەیەکی فێرکاری ئەلیکترۆنی پێشنیازکراوبەپێی فێربونی خودی دەخوێنن لەسەر وەڕسبونی ئەکادیمی لەبەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشینە).

لێرەدا دەرئەنجامەکان ئەوە بەدیاردەخەن کە ئەم بەرنامە ئەلیکترۆنیە بەپێی فێربونی خودیە کاریگەری هەبوە لەسەر کەمکردنەوەی وەڕسبونی ئەکادیمی، توێژەر هۆکاری دەرکەوتنی ئەنجامەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی ئەم بەرنامە ئەلکترۆنیە فێربونی خودیە کاریگەری هەبوە لەسەر کەمکردنەوەی وەرسبونی ئەکادیمی کە پێکهاتبو لە بەکارهێنانی بابەتی دەنگ و ڕەنگ هەروەها ئەو ژینگە گونجاوەی کە بۆیان ڕەخساوە بۆ هەر تاکێک لە پۆلدا بەدابینکردنی پێویستیەکان و کاتی پێویست بۆ خوێندنەوەی بابەتەکان بە جۆرێک خوێنکار ئیجبار نەکراوە و کاتی بۆ دانەنراوە کە هەر بابەتێک لە کاتێکی دیاریکراو تەواو بکات کە ئەمانە هەمو هۆکار بونە کە خوێندکار هەست بە ئارامی بکات ئەمانەش دواجار کاری کردبێتە سەر کەمکردنەوەی وەرسبونی ئەکادیمی.

بەمەبەستی دیاریکردنی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ توێژەر پشتی بەست بەبەکارهێنانی هاوکێشەی کوهین دەرکەوت قەبارەی کاریگەرییەکەی کەمە کە دەکاتە (0.4)، ئەمەش بەپشتبەستن بەهاوکێشەی کوهین کەدەڵێت لە(0.2) قەبارەی کاریگەرییەکەی کەمە، لە(0.5) قەبارەی کاریگەرییەکەی ناوەندە، لە(0.8) زیاتر قەبارەی کاریگەرییەکەی بەرزە.

| ژمارە سامپڵ | بەهای(t) | بەهای قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|
| 22 | 2.09 | 0.4 |

**گریمانی سێیەم: کە تایبەت بو بەوەڕسبونی ئەکادیمی کوڕانی گروپی ئەزمونی لەتاقیکردنەوەی پێشینەو پاشینەدا**

(هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی (0.05) بەدی ناکرێت لەنێوان ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشینەو پاشینەی خوێندکارە کوڕەکانی گروپی ئەزمونی کە بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە بەپێی کارایی بەرنامەیەکی فێرکاری ئەلیکترۆنی پێشنیازکراو بەپێی فێربونی خودی دەخوێنن لەسەر وەڕسبونی ئەکادیمی).

بۆ زانینی ڕاستی ئەم گریمانەیە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێودانگی خوێندکارە کوڕەکانی گروپی ئەزمونی لەتاقیکردنەوەی پێشینەو پاشینە دەرهێنا، پاشان تاقیکردنەوەی (T.Test)ی بەکارهێنا بەپێی هاوکێشەی (Paired Sample T.Test) لەئەنجامدا دەرکەوت کە بەهای (t) دەرهێنراو (4.966) بو لەئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.05) بەنمرەی ئازادی (3) ئەنجامەکان وەک لەخشتەی (25)دا ڕونکراوەتەوە.

**خشتەی (25)**

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (t) بۆ ئاستی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان

نمرەکانی تاقیکردنەوە پێشینەو پاشینەی خوێندکارە کوڕەکانی گروپی ئەزمونی لەوەڕسبونی ئەکادیمیدا

| تاقیکردنەوە | ژمارەی خوێندکاران | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێودانگی | (t)بەهای دەرهێنراو | بەڵگەداری ئاماری لەئاستی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|
| پێشینە | 4 | 158.500 | 17.058 | 4.966 | 0.01 بەڵگەدارە |
| پاشینە | 4 | 86.750 | 28.593 | | |

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەئاستی (0.05) لەنێوان ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشینەو پاشینەی خوێندکارە کوڕەکانی گروپی ئەزمونی لەوەڕسبونی ئەکادیمی لەبەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشینە، ئەم بەرنامە ئەلیکترۆنییە کە بەپێی فێربونی خودیە کاریگەری هەبوە لەسەر کەمکردنەوەی وەڕسبونی ئەکادیمی لای خوێندکارە کوڕەکانی گروپی ئەزمونی، بەم شێوەیە گریمانی سفری ڕەت دەکریتەوەو گریمانی جێگرەوە پەسەند دەکرێت کە دەڵێت: (جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەئاستی (0.05) لەنێوان ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشینەو پاشینەی خوێندکارە کوڕەکانی گروپی ئەزمونی کە بابەتی ڕێگاکانی وانەتنەوە بەپێی بەرنامەیەکی فێرکاری ئەلیکترۆنی پێشنیازکراو بەپێی فێربونی خودی دەخوێنن لەسەر وەرسبونی ئەکادیمی لەبەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشینە) توێژەر هۆکاری دەرکەوتنی ئەنجامەکان دەگەڕێنێتەوە بۆئەوەی کوڕان دەرفەتی زیاتریان هەیە کە تێکەڵاوی کۆمەڵگە بن توانای خۆگونجاندن و دروستکردنی پەیوەندیەکانیان زیاترە هەروەها ئەم بەرنامە ڕەنگە هۆکارێکی تر بێت بۆ ئەوەی خوێندکاران کەمتر هەست بە وەرسبونی ئەکادیمی بکەن دواجار ببێتە هۆی کەم بونەوەی وەرسبون.

**گریمانی چوارەم: کە تایبەت بو بەوەڕسبونی ئەکادیمی کچانی گروپی ئەزمونی لەتاقیکردنەوەی پێشینەو پاشینە**

(هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی (0.05) بەدی ناکرێت لەنێوان ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشینەو پاشینەی خوێندکارە کچەکانی گروپی ئەزمونی کە بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە بەپێی کارایی بەرنامەیەکی فێرکاری ئەلکترۆنی پێشنیازکراو بەپێی فێربونی خودی دەخوێنن لەسەر وەڕسبونی ئەکادیمی).

بۆ زانینی ڕاستی ئەم گریمانەیە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێودانگی بۆ خوێندکارە کچەکانی گروپی ئەزمونی لەتاقیکردنەوەی پێشینەو پاشینە دەرهێنا، پاشان تاقیکردنەوەی (T.Test)ی بەکارهێنا بەپێی هاوکێشەی (Paired Sample T.Test) لەئەنجامدا دەرکەوت کە بەهای (t) دەرهێنراو (1.083) لەئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.05) بەنمرەی ئازادی (17) ئەنجامەکان وەک لەخشتەی (26)دا ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (26)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (t) بۆ ئاستی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان نمرەکانی

تاقیکردنەوەی پێشینەو پاشینەی خوێندکارە کچەکانی گروپی ئەزمونی لەوەڕسبونی ئەکادیمی

| تاقیکردنەوە | ژمارەی خوێندکاران | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێودانگی | نمرەی ئازاد | (t)بەهای دەرهێنراو | بەڵگەداری ئاماری لەئاستی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پێشینە | 18 | 139.333 | 37.392 | 17 | 1.083 | 0.29 بەڵگەدار نیە |
| پاشینە | 18 | 125.944 | 30.053 | | | |

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە، لەئاستی (0.05) لەنێوان ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشینەو پاشینەی خوێندکارە کچەکانی گروپی ئەزمونی لەوەڕسبونی ئەکادیمیدا، بەم شێوەیە گریمانی سفری پەسەند دەکرێت، توێژەر هۆکاری دەرکەوتنی ئەنجامەکان دەگرێنێتەوە بۆ ئەو ژینگەی کە خوێندکاری کچ لە ڕوی لایەنی کۆمەڵایەتی (تێکەڵاوبونی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر، دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان) کە تێیدا گەورە بوە ئەمە وایکردوە کە تواناکانی تاڕادەک سنوردارکردوە، ڕەنگە ئەمە هۆکارێکی تر بێت وای لە خوێندکارە کچەکان کردبێت کە هەست بە وەرسبونی ئەکادیمی بکەن.

**گریمانی پێنجەم: کە تایبەت بو بەوەڕسبونی ئەکادیمی کچانی گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو لەتاقیکردنەوەی پاشینە**

(هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی (0.05) بەدی ناکرێت لەنێوان ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشینەی کچانی گروپی ئەزمونی کە بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە بەپێی کارایی بەرنامەیەکی فێرکاری ئەلکترۆنی پێشنیازکراو بەپێی فێربونی خودی دەخوێنن بە بەراورد بەناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشینەی کچانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە بەڕێگای ئاسایی دەخوێنن لەوەڕسبونی ئەکادیمی).

بۆ زانینی ڕاســتی ئەم گریمانەیە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێودانگی بۆ خوێندکارە کچەکانی هەردو گروپەکە دەرهێنا لەتاقیکردنەوەی پاشــینە لەوەرگــرتنی ئەکادیمیدا، پاشــان تاقیکردنەوەی (T.Test)ی دو گروپی ســــەربەخۆی بەکارهێنا (Independ Sample T.Test) لەئەنجامدا دەردەکەوێت کە بەهای (t) دەرهێنراو (0.866) لەئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.05) بەنمرەی ئازادی (34) ئەنجامەکان وەک لەخشتەی (27)دا ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (27)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (t) بۆ ئاستی بەڵگەداری ئاماری لەتاقیکردنەوەی

پاشینەی کچانی هەردو کۆمەڵەی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو لەوەرسبونی ئەکادیمی

| گروپی | ژمــــارەی خوێندکاران | ناوەندی ژمێرەیی | لادانـــــــی پێودانگی | نـــمــرەی ئازاد | (t)بـــەهـــای دەرهێنراو | بەڵگەداری ئاماری لەئاســتی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزمونی | 18 | 125.944 | 30.053 | 34 | 0.866 | 0.39 بەلگەدارنییە |
| کۆنترۆڵکراو | 18 | 135.055 | 32.978 | | | |

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەئاســــتی (0.05) لەنێوان ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشــینەی کچانی هەردو گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو، بەم شــێوەیە گریمانی ســفری پەســەند دەکرێت، توێژەر هۆکاری نەبونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری دەگەڕێنێتەوە بۆ ســــنوردار کردنی چالاکییەکانی خوێندکاران لە ناو پۆل و دەرەوەی پۆل زیاتر جەخت کردنەوەبێت لەڕوی لایەنی زانەکی کە ئەمە ڕەنگە هۆکارێکی ســــەرەکی بێت کە خوێندکاران هەســــت بە بێزار بون بکەن، ئەم توێژینەوەیە هاوشــــێوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی (مسعودە و باعمر،2022)و(عرفە،2021).

## گریمانی شــەشــەم: کە تایبەت بو بەوەرسبونی ئەکادیمی خوێندکارە کوڕەکانی گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو لەتاقیکردنەوەی پاشینە

(هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لەئاســتی (0.05) بەدی ناکرێت لەنێوان ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشینەی کوڕانی گروپی ئەزمونی کە بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە بەپێی کارایی بەرنامەیەکی فێرکاری ئەلیکترۆنی پێشــــنیازکراو بەپێی فێربونی خودی دەخوێنن بە بەراورد بەناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشــــینەی کوڕانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە بەڕێگای ئاسایی دەخوێنن لەسەر وەرسبونی ئەکادیمی).

بۆ زانینی ڕاســــتی ئەم گریمانە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێودانگی بۆ خوێندکارە کوڕەکانی هەردو کۆمەڵەکە دەرهێنا لەتاقیکردنەوەی پاشینەی وەرسبونی ئەکادیمی، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (T.Test)ی

دو گروپی ســـەربەخۆ (Independ Sample T.Test) لەئەنجامدا دەردەکەوێت کە بەهای (t) دەرهێنراو (4.139) بو لەئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.05) بەنمرەی ئازادی (6) ئەنجامەکان وەک لەخشتەی (28)دا ڕونکراوەتەوە

خشتەی (28)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (t) بۆ ئاستی بەڵگەداری ئاماری

لەتاقیکردنەوەی پاشینەی کوڕانی هەردو کۆمەڵەی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو لەوەرسبونی ئەکادیمی

| گروپی | ژمارەی خوێندکاران | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێودانگی | نمرەی ئازاد | (t)بەهای دەرهێنراو | بەڵگەداری ئاماری لەئاستی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزمونی | 4 | 86.750 | 28.593 | 6 | 4.139 | 0.006 |
| کۆنترۆڵکراو | 4 | 153.250 | 14.660 | | | |

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری هەیە، لەئاســـتی (0.05) لەنێوان ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشـــینەی کوڕانی هەردو کۆمەڵەی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو، لەبەرژەوەندی گروپی ئەزمونی، بەم شـــێوەیە گریمانی ســـفری ڕەت دەکرێتەوەو گریمانی جێگرەوە پەســـەند دەکرێت کە دەڵێت: (جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەئاســـتی (0.05) لەنێوان ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشـــینەی کوڕانی گروپی ئەزمونی کە بەبابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە بەپێی بەرنامەیەکی فێرکاری ئەلیکترۆنی پێشـــنیازکراو بەپێی فێربونی خودی دەخوێنن بە بەراورد بەناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشینەی کوڕانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە بەڕێگای ئاســایی دەخوێنن لەســەر وەڕســبونی ئەکادیمی)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم بەرنامەیە کاریگەری هەبوە لەکەمکردنەوەی وەڕســـبونی ئەکادیمی لەبەرژەوەندی کوڕانی گروپی ئەزمونی، توێژەر هۆکاری دەرکەوتنی ئەنجامەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ بەکارهێنانی ئەم بەرنامەیە کە تێیدا ســــەرچاوەی جۆراوجۆر لە دەنگ و ڕەگ بەکارهاتوە هەروەها بونی ژینگەی گونجاوکە دەرفەتی زیاتر هەیە بۆ تێکەڵاوبون و هۆکاربن بۆ دەرکەوتنی ئەم ئەنجامە کە تێدا بۆتە هۆی کەمبونەوەی وەڕەســـبونی ئەکادیمی ئەم توێژینەوەیە هاوشـــێوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی (عرفە،2021) و (الخضراوی و شلاکە،2022).

## ئەنجامەکان

**یەکەم: دوای خستنەڕوی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەو شیکردنەوەیان توێژەر بەم ئەنجامانە گەیشت کە بەکارهێنانی ئەم بەرنامەیە ئەلکترۆنیە خودفێرکارییە دەبێتە هۆی:-**

1- کەمکردنەوەی وەرسبونی ئەکادیمی لای خوێندکارانی گروپی ئەزمونی لەتاقیکردنەوەی پاشینە بەبەراورد بەخوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو.

2- کەمکردنەوەی وەڕسبونی ئەکادیمی لەتاقیکردنەوەی پێشینەو پاشینەی گروپی ئەزمونی لەبەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشینە.

3- کەمکردنەوەی وەڕسبونی ئەکادیمی لەتاقیکردنەوەی پاشینە لای خوێندکارە کوڕەکانی گروپی ئەزمونی بەبەراورد بەخوێندکارە کوڕەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو.

4- کەمکردنەوەی وەڕسبونی ئەکادیمی لەتاقیکردنەوەی پێشینەو پاشینەی خوێندکارە کوڕەکانی گروپی ئەزمونی لەبەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشینە.

**دوەم : لە ئەنجامەکاندا دەرکەوت کە بەکارهێنانی بەرنامەکە:**

3 نابێتە هۆی کەمکردنەوەی وەڕسبونی ئەکادیمی لەتاقیکردنەوەی پێشینەو پاشینەی خوێندکارە کچەکانی گروپی ئەزمونی.

4- نابێتە هۆی کەمکردنەوەی وەڕسبونی ئەکادیمی لەتاقیکردنەوەی پاشینەی خوێندکارە کچەکانی گروپی ئەزمونی بەبەراورد بەخوێندکارە کچەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو.

## ڕاسپاردەو پێشنیارەکان

**توێژەر دوای گەیشتن بەدەرئەنجامەکان ڕاسپاردەی ئەمانەی خوارەوە دەکات:-**

1- داواکارم لەسەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە بڕیاربدات بەپەیڕەو کردنی ئەم بەرنامەیە بۆ وتنەوەی بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە لەبەشەکانی فاکەڵتی پەروەردە.

2- داوا لەوەزارەتی خوێندنی باڵا دەکەم کە لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوە هەڵسەنگاندن بۆ ئەم بەرنامەیە فێرکارییە بکەن و دواتر گشتاندن بۆ ئەم بەرنامەیە بکەن لەگشت کۆلیژەکانی پەروەردەو پەروەردەی بنەڕەتی لەوتنەوەی بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە.

3- وەزارەت هەڵسێت بەڕەخساندنی لایەنی ماددی (ئابوری) بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستییەکانی فێرکردنی ئەلکترۆنی بۆ هەر بەشێک بۆ ئەوەی خوێندکاران بتوانن فێربونی خودفێرکاری ئەنجام بدەن لەبابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە.

# The effectiveness of the proposed e-learning program according to the academic boredom of self-learning among Koya university students

**Kawa Ali Mohammed[1] Sebar Rzgar Razaq[2]**

[1+2]Education and Psychology, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Regional, Iraq.

## Abstract

The aim of the study is to determine the effectiveness of the proposed e-learning program according to the academic boredom of self-learning. The experimental approach was used for two independent, equal groups, (44) male and female students were deliberately chosen. The research tool consisted of 45 items. Honesty and constancy were acceptable. The results showed that there were statistically significant differences between the academic post boredom test in favor of the experimental group. The differences were statistically significant in the pre and post tests of the experimental group, and the result was in favor of the post test. There were no statistically significant differences in academic boredom between the pre and post test of the female group in the experimental group. No statistically significant differences were found for females of academic boredom between the pre and post test for both groups. There were statistically significant differences among males from academic boredom between the pre and post tests for both groups in favor of the experimental groups. The research presented some recommendations and suggestions.

**Key Words:** E-Learning, Self Learning, Academic boredom.

## سەرچاوەكان

ابراهيم، مروان عبدالمجيد (1998). الأسس العلمية والطرق الاحصائية للاختبارات والقياس في التربية الرياضية، الجامعة الهولندية، قسم المناهج والمقررات كلية التربية الرياضية.

أبو حماد، ناصرالدين (2007). اختبارات الذكاء ومقياس الشخصية تطبيق ميداني،ط1، اربد، عالم الكتب الحديث للنشر والتوزيع.

استيتية، دلال ملحس و سرحان، عمر موسى (2007). تكنلوجيا التعليم والتعليم الالكتروني، ط1، عمان، دار وائل.

الخوالدة، تيسير (2013). الملل الاكاديمي لدى طلبة كلية العلوم التربوية في جامعة ال البيت، المنارة، المجلد (19) العدد (1).

بدران، شبل والدهشان، الجمال(2001). التجديد في التعليم الجامعي، دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة، مصر.

صباح، غربي (2014). دور التعليم العالي في تنمية المجتمع المحلي "دراسة التحليلية لاتجاهات القيادات الادارية في جامعة محمد خيضر بسكرة" كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، جامعة محمد خيضر في بسكرة، الجزائر.

طه، حسن وعمران، خالد (2012). أساليب التعلم الذاتي الالكتروني التعاوني، مجلة التطوير التربوي، عدد الثامن والستون، دار منظومة.

هاشم، مجدى يونس.(2017).التعليم الالكترونى،ط1،الجزيرة، دار زهور المعرفة و البركة.

Sharp, J.G and Sharp, J, and toung, E (2018). Academic boredom, engagement and the achievement of undergraduate synthesis papers education. ISSN 1470-1146 Dol.

i ئەو زانیارییانەی كەلەتۆماری بەشەكان وەرگیراوە بۆ ساڵی خوێندنی (2021-2022).

ii توێژەر نمرەی گشتی تاقیكردنەوەكانی ساڵی پێشوتری وەرگرتوە لەتۆماری گشتی زانكۆ.